City of Westminster

FAIRER HOUSING

خاوەن گرێبەستی بەکرێدان
پەیماننامە - میساق

بە هاوبەشی لەگەڵ پانێڵی دانیشتووانماندا پەرەی پێدراوە



بەڵێننامەکە دانراوە لەسەر بنەمای مەرجەکانی بەکرێدانەکەت و ئەو خزمەتگوزارییانەی کە ئەنجومەنی شاری وێستمینستەر پابەندە بە پێشکەشکردنیان و هەروەها ئەو هەنگاو و کردارانەی کە داوا لە خاوەن گرێبەستەکان دەکرێت لە بەرامبەردا بیکەن. ئێمە بەردەوام داوای فیدباکتان دەکەین سەبارەت بەوەی کە چۆن کارەکانمان لە بەرامبەر ئەم بەڵێننامەیەدا ئەنجام دەدەین بۆ ئەوەی بتوانن لێپرسینەوەمان لەگەڵ بکەن کە تا چەند بەڵێنەکانمان بە باشی دەگەیەنین و جێبەجێی دەکەین.

ئەگەر هەر پرسیارێکت هەیە تکایە پەیوەندیمان پێوە بکە

housing.enquiries@westminster.gov.uk

0800 358 3783

پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری نایاب بۆ کڕیاران

ئێمە دەبێت:

- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری نایاب بۆ کڕیاران و خزمەتگوزاری بە کوالێتی بەرز
- بە شێوەیەکی بە ڕێزەوە گوێتان لێ دەگرین و هەمیشە لە وەوە دەست پێ دەکەین کە خۆمان بخەینە شوینی ئێوە
- کۆمەڵێک بژاردەت پێشکەش دەکەین بۆ ئەوەی چۆن بتوانیت پەیوەندیمان پێوە بکەیت، لەوانەش چاوپێکەوتنی سەر هێڵ (ئۆنلاین)، سەردانی ماڵەوە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، تەلەفۆن و ئیمەیڵ دەگرێتەوە. بە هەر شێوەیەک لەو شێوانە پەیوەندیمان پێوە بکەیت، بەڕێزەوە و بە خێرایی وەڵامت دەدرێتەوە
- بەردەوامبە لە بەرزکردنەوەی ڕێگا جیاوازەکان کە دەتوانیت پەیوەندیمان پێوە بکەیت و بە چ شێوەیەک دەتوانیت هەواڵ لەبارەی کێشەکان بدەیت
- دەگەڕێنەوە لای تۆ کاتێک بە تۆ دەڵێین لە ماوەی ئەوپەڕەکەی لە ١٠ ڕۆژی کارکردندا وەڵامت ئەدەینەوە
- دڵنیابوون لەوەی کە ستافەکە بە باشی ڕاهێنراون و شارەزا و هاوسۆزن
- دڵنیابە لەوەی کە پێویست ناکات بەدواداچوون بکەیت و بە دوای وەڵامەکانماندا بگەڕێیت. ئەگەر ئێمە دواکەوتین لە وەڵامدانەوەیەک یان چارەسەرکردنی کێشەیەک، پەیوەندیت پێوە دەکەین و ڕاپۆرتی بەرەو پێشچوونی بابەتەکان دەخەینە بەردەمت

داواى ئێمە لە ئێوە:

- هەمیشە پەیوەندی بکە لەگەڵ فەرمانبەران و لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەنجومەنی شاری وێستمینستەر بە شێوەیەکی بەڕێز و بنیاتنەر
- ئاگادارمان بکەرەوە ئەگەر وردەکارییەکانی پەیوەندی پێوەکردنت گۆڕا، بۆ ئەوەی ئێمە تەلەفۆن و ئیمەیڵ و وردەکاری ناونیشانی پەیوەندیکردنی نوێی تۆمان لابێت.
- بەخێرایی ئاگادارمان بکەرەوە ئەگەر دووبارە خانووەکەت بەکرێ دەدەیت یان تێیدا ناژیت، تۆ ڕازیبوویت بەوەی ببیت بە خاوەن موڵک یان خاوەن گرێبەست وبەرپرس و خاوەن کرێ و بەردەوام دەبیت لە دراوسێیەکی باش بۆ دانیشتوانی دیکەی ناو باڵەخانەکەت

داواکردنی بۆچوونەکانت دەربارەی خزمەتگوزارییەکەمان

ئێمە دەبێت:

- دەرفەتی بەردەوام بۆ خاوەن گرێبەستەکان دابین بکەین بۆ ئەوەی بۆچوونەکانتان سەبارەت بە خزمەتگوزارییەکەمان بەیەکەوە باس بکەین، ئەمە کۆنفرانسی ساڵانەی بەکرێدان، گروپی بەکرێگیراوانی سەرمکیمان، بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی نیشتەجێبوونتان دەگرێتەوە بەڵام سنووردار نییە
- وەڵامتان بدەینەوە سەبارەت بەوەی کە چۆن فیدباکەکانتانمان بەکارهێناوە و ئەو جیاوازییەی کە دروستی کردووە "تۆ وتت - ئێمە کردمان"
- لێکۆڵینەوەو بەدوادا چون بکەین کاتێک شتەکان بە هەڵەدا دەچن و هەموو هەوڵێک بدەین بۆ ئەوەی دڵنیا بین لەوەی هەمان هەڵە دووبارە نەبنەوە
- دڵنیابوون لەوەی کە کۆبوونەوە و وۆرکشۆپەکانمان دەستڕاگەیشتن و پێشوازیکردن و گشتگیرن بۆ هەموو خاوەن گرێبەستەکانمان
- پێشکەشکردنی دەرفەتی ڕاهێنانی بەردەوام لەگەڵ تیمی بەکرێگرتن لەسەر ئەو بابەتانەی کە گرنگن بۆ خاوەن گرێبەستەکانمان وەک درێژکردنەوەی کرێ و مافی دەنگدانی بەکۆمەڵ (کڕینی ئازاد)
- ناردنی بانگهێشتنامە بۆ تۆ لەبارەی بۆنەکان بۆ خاوەن کرێکان

داواى ئێمە لە ئێوە:

- بەشداریکردن و پاڵپشتی کردن لەم بۆنانە سەبارەت بە کرێ
- ئامادەبوون لە خولی ڕاهێنان و زانیاری
- پێشکەشکردنی فیدباکی بنیاتنەر پەیوەست بە کاروباری بەکرێگرتن و ڕووداو و بۆنەکان بۆ ئەوەی بتوانین خزمەتگوزاریەکانمان باشتر بکەین

زانیاری بەردەست

ئێمە دەبێت:

- دڵنیابوون لەوەی پەیوەندییەکانمان ڕوونن و زانیاری ئاسانە بۆ تێگەیشتن
- بە ڕوونی پسوولە و کرێی خزمەتگوزاریەکانت ڕوون بکەرەوە و کار لەگەڵ خاوەن کرێکانمان بکە بۆ باشترکردنی بەڵگەنامەکان و زانیاریە پێشکەشکراوەکان

- ئاسانکاریت بۆ دەکەین بۆ دۆزینەوەی ئەو زانیارییانەی کە پێویستت پێیەتی، بۆ نموونە چۆن ڕاپۆرتی دزەکردن (لێچوون) بکەیت
- پێشکەشکردنی زانیاری بەو شێوەیەی کە دەتەوێت، ئێمە وا دانانێین کە هەموو کەسێک لەسەر هێڵە

داواى ئێمە لە ئێوە:

- پێشکەشکردنی فیدباک لەسەر پەیوەندییەکانمان لە ڕێگەی بۆنەکان و ڕاپرسی و فۆرمەکانی فیدباک

ئاگاداری وچاودێریکردنی باڵەخانەکەت:

ئەنجومەنی شارەوانی وێستمینستەر بەرپرسیارە لە چاککردنەوەی بەشە گشتییەکانی باڵەخانەکە یان مووڵکەکەت، و خاوەن گرێبەستەکان بەرپرسن لە چاککردنەوەی مووڵکەکانیان

ئێمە دەبێت:

- چاککردنەوەی هاوبەش ئەنجام بدرێت و خزمەتگوزاری چاککردنەوەی کوالێتی پێشکەش بکرێت
- کارکردن لەگەڵ بەڵێندەرە هاوبەشەکانمان بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هەمان ستانداردی خزمەتگوزاری کڕیاریان هەیە وەک ستافی ئەنجومەنی شاری وێستمینستر
- چالاک بین، لە جیاتی ئەوەی چاوەڕێ بکەن تا شتەکان بە هەڵەدا بڕۆن - ئەمە دیاریکردنی کێشەکان لەلایەن ستاف دەگرێتەوە، یان جێبەجێکردنی پلانی پاراستنی ڕێگریکردن

داواى ئێمە لە ئێوە:

- هەواڵ بدە بە ئەنجومەنی شاری وێستمنستر بۆ هەر چاککردنەوەیەک
- کاری چاککردنەوەی مووڵکەکەت ئەنجام بدە، بۆ نموونە دزەکردن (لێچوون)، لە کاتی خۆیدا - ئەمە یارمەتیدەر دەبێت بۆ کەمکردنەوەی زیان بە تایبەتمەندییەکانی تر و پێکهاتە و ماددەکانی تری ناو باڵەخانەکە

پلانەکانی پارەدانەوە

ئەگەر ناتوانیت پارەی خزمەتگوزارییەکانت بدەیت یان پێشبینی ئەوە دەکەیت کە تووشی کێشە دەبیت بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، تکایە بە زووترین کات پەیوەندیمان پێوە بکە بۆ ئەوەی بتوانین پشتگیریت بکەین بۆ کەمکردنەوەی هەر دواکەوتنێکی پارەدان

وردەکاری مەرجەکانی گەڕاندنەوەی پارە لە ماڵپەڕەکەمان بەردەستە، هەروەها کۆپیەکی چاپکراو دەتێرین لەگەڵ هەر داواکارییەکی ڕەسوماتی خزمەتگوزاری ساڵانە. ئەگەر پێویستت بە وەرگێڕانی بەڵگەنامەکان هەیە، ئێمە ئەمەت بۆ دابین دەکەین

ئێمە دەبێت:

- کار بکە بۆ دۆزینەوەی پلانێکی پارەدانەوەی گونجاو ئەگەر تووشی ئاستەنگی دارایی بوویت
- مەرجەکانی گەڕاندنەوەی پارەی کێبرکێ پێشکەش بکەن
- دابینکردنی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکانی ڕاوێژکاری قەرزەکان
- دڵنیابوون لەوەی کە ڕێکاری یاسایی تەنها وەک دوا ڕێگە دەگیرێتەبەر

داواى ئێمە لە ئێوە:

- دەستبەجێ پەیوەندی بکە بە تیمی بەکرێگرتنەوە ئەگەر بارودۆخی داراییت گۆڕا و ناتوانیت کرێی خزمەتگوزارییەکان بدەیت
- پەیوەندی بکە بە تیمی بەکرێگرتنەوە ئەگەر پێشبینی دەکەیت دوچاری دواکەوتنی پارەدان ببیت یان ئاگادارکردنەوەی بیرخەرەوەی پارەدان یان نامەیەکت پێدەگات

دابینکردنی بەها بۆ پارە

ئێمە دەبێت:

- تێچووی پێشبینیکراو و بەرنامە بۆ داڕێژراو پێشکەش بکەن، کە زۆرترین ئاگاداریتان پێدەدات سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی داهاتوو
- لێکۆڵینەوە لەوە بکە کە ئێمە پارەت لەبارەی چی لێ وەردەگرین و دەرفەت بدەین بەو کەسانەی خاوەن گرێبەستن لەمەشدا تەحەدای تێچوون و کوالیتی خزمەتگوزارییەکە بکەین
- چاودێری کرێی بەڕێوەبردنمان بکە و دڵنیابە لەوەی کە گونجاون
- کار بکە ئەگەر تووشی کێشەی دارایی بوویت

بەشداربە

ئەمەی خوارەوە چەند ڕێگایەکە کە دەتوانیت بەشداری بکەیت و دەنگت ببیستڕێت:

بزانە نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانت کێن و کەی کۆدەبنەوە بۆ بڕیاردان

www.westminster.moderngov.co.uk

خۆت تۆماربکە بۆ وەرگرتنی هەواڵنامەی ئیمەیڵەکانمان

www.westminster.gov.uk/newsletters

خوێندنەوە و وەڵامدانەوەی ڕاوێژ و پێشنیارەکان

www.westminster.gov.uk/consultations

بەشداری بکە لە پانێڵی لێکۆڵینەوەی نیشتەجێمان بۆ پێداچوونەوە و کاردانەوە لەسەر سیاسەت و پڕۆژەکانمان

www.westminster.gov.uk/resident-research-panel

بەشداری ئەنجومەنی گەنجانمان بکەن

www.westminster.gov.uk/about-council/youth-council

بەشداری لە کۆمەڵگای خۆشگوزەرانی ناوخۆیی خۆت بکە بۆ بەشداریکردن لە پلاندانانی بڕیارەکان لە ناوچەکەتدا

www.westminsteramenitysocietiesforum.org

ئێمە دەمانەوێت بەردەوام بین لە گوێگرتن لە کرێ گرتەکانمان و خاوەن گرێبەستەکان ، بۆ ئەوەی تێبگەین چی گرنگە بۆ ئێوە و چۆن دەتوانین خزمەتگوزارییەکانمان باشتر بکەین

www.westminster.gov.uk/housing/your-community/your-voice-counts

---

ئێمە بە بەردەوامی پلانی گەیاندنمان پێوانە دەکەین و دەتوانیت دواین ئەنجامەکان لە ماڵپەڕەکەمان ببینیت

www.westminster.gov.uk/fairer-westminster

ئەگەر هەر پرسیارێکی ترت هەیە، تکایە پەیوەندی بکە:

housing.enquires@westminster.gov.uk

0800 358 3783